# ڕەخنە لە فیلمی ( بی بی ) و هاوشێوەکانی

هادی ئەمین

هەندێك بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانیان تەکنەلۆژیای قەتڵوعام، گازی کیمیاوی، لوغم، بۆمبی نەوەویان بەرهەمهێنا. پاشان هەندێك کەسیتر بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانو بەرژەوەندیەکانیان سوودیان لە هونەری شاشەو فلیمسازیو جیهانی سینەماو سیدی وەرگرت، لە ڕێگای بەرجەستەکردنی توندوتیژیو شەڕانگێزیو بەکارهێنانی جەستەی ئافرەت، چونکە بە ڕێگایەکی باشی دەزانن بۆ کۆکردنەوەی قازانجی ماددیو ناوبانگ بەدەستهێنانو، بەلایانەوە کارێکی ئاسانەو پێویستی بە بیرکردنەوەو خۆماندوکردن نیە. ئەوەش سەیرە کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان کاردەکەن کەچی کارە خودپەرستیەکەیان دەکەن بەمنەت بەسەر خەڵکەوەو دەڵێن: (دەمەوێت خزمەتی هونەری کۆمەڵگاکەم بکەم! ؟).

کۆمەڵگای ئێمە لەم سەردەمەدا پێویستی بە کۆمەڵێك هۆکار هەیە کە کاربکەن بۆ چاندنو تۆخکردنەوەی بنەماو بەها مرۆییو شارستانیە بەرزەکان وەك: ( ڕاستگۆیی، هاوکاریو پێکەوەژیان، پەروەردەی ئاشتی، بەجێهێنانی ئەرکەکان، پاراستنی مافەکان، ڕێزگرتن لە یاسا، ڕێزگرتن لە ئافرەت...)و، چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکان بکەن لە: (خۆسوتاندن، شەڕوشۆڕ، سەرپێچیکردنی یاسا، کەمتەرخەمی، گەندەڵی...)، بەڵام بەپێچەوانەوە زنجیرەیەك بەرهەمی توندوتیژیو شەڕانگێز بەرهەمهاتوون کە هیچ چارەسەرو سوودێك پێشکەش بە کۆمەڵگا ناکەنو، کاردەکەن بۆ چاندنو تۆخکردنەوەی ڕەفتارو بەهای نامەدەنی، بەهای کۆڵانو ناوبازاڕو سەرجادەو دابونەریتی ناپەسەند وەك: (فێرکردنی درۆ، گاڵتەکردنو سوکایەتیکردن بەیەکتر لە کردارو گوفتاردا، تەماشاکردنی ئافرەت بەچاوێکی نزمو بەکارهێنانی جەستەی وەك کاڵا، شەڕەشەق، شەڕەبەرد، شەڕەجنێو، داهێنانو داتاشینی ناوناتۆرە...)، بۆنمونە وەك ئەم فیلمە بەناو کۆمیدیانە: ( فەرتەنە، بۆیاخچی، کۆپی، لەزگە، عەبەی سنورداش...)

لەمساڵی (2005)یشدا فیلمی (بی بی)ش پەیدابوو، کە لە نوسینو ئامادەکردنو نواندنی (عیرفانی وەستا محمد)ە ! ؟، بەڕێوبەری بەرهەم (بەیان حەمە)یە، بەڕێوبەری هونەری (ئاسۆ عوسمان)ە، لەم فیلمەدا (16) کەس بەشداری تێداکردوە، کە ئاشکرانیە دەرچووی چ کۆلێژو پەیمانگایەکی هونەرین؟. ئەم فیلمە بەرهەمێکی توندوتیژو شەڕانگێزەو ئەو حیوارەی کۆتایی ( ئافەرین پۆلیس دەستان خۆش بێت...) پارسەنگی ئەو ڕەفتارو گوفتارە نامەدەنیانە ناداتەوە کە سەرتاپای فیلمەکەی داپۆشیوە، ئایا چ سودێك بەو منداڵانە دەگەیەنن کە ئەو سیدیانە دەکڕن؟، ئایا مەبەست تەنها پارە کۆکردنەوەیە ؟

فیلمی ( بی بی) لە دوو (سیدی)دایەو هەمووی (94) دەقیقەیە. (34) دەقیقەی ڕەفتاری شەڕانگێزیو توندوتیژیە لە شەڕەشەقەکانی ناو بەندیخانەو ڕاوڕاوێنەکانی دەرەوەی بەندیخانە. (10) دەقیقە گفتوگۆی توندوتیژە. کە دەکاتە لەسەدا چلوچواری ئەم فیلمە کۆمیدیە ! ؟، هەروەها (12) دەقیقەی گۆرانیە، کە هەندێکی بریتیە لە خواستنو تێکدانی گۆرانیەکی هندی. نازانم ئیزنیان لەو گۆرانیبێژە هندیانە وەرگرتوە تا بەرهەمەکەی ئەوان بەوشێوەیە بەکاربهێنن، خۆ ئەگەر ئیزنیان لەوان وەرنەگرتبێت، ئەوا دەبێت بە دزی لە بواری هونەریدا.

(بەرنامەی بەرنامە)ش دەوری خۆی هەیە لە داهێنانو داتاشینو بڵاوکردنەوەی ناوناتۆرەو ووشەی بریندارکەر، زمانو ڕەفتاری نامەدەنیو شەڕانگێزی، کە ئەوەش زیان دەگەیەنێت بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان. لەدوای بڵاوبونەوەی بڕگەیەك کە لە حیوارێکدا دەیانووت : "هەم سەعی ئەکەین هەم لالی"، مامۆستایەکی هاوڕێم بۆی

گێرامەوەو ووتی بۆ چەند رۆژێك قوتابیەكان خەریكبوون كورسیەكانیان دەشكاند، هەڵدەپەرین لەسەر كورسیەكانو جانتاكانیان بۆ یەكتر هەڵدەداو هاواریان دەكرد هەم سەعی ئەكەین هەم لالی! ؟، هەروەها ئەم بەرنامەیە دەوری خۆی هەیە لە سوكایەتیكردن بەڕەمزو ناوە ئاساییەكانی ناو كۆمەڵگا، بۆنمونە چەندین كەسمان هەیە ناوی (كاكەوڵا)یە، بەڵام بەرنامەی بەرنامە لە داهێنانێكیدا سوكایەتیپێكردو كردی بە (كەوڵەمەڕ)! ؟

هۆكانی راگەیاندنو كاری كۆمیدیو فیلم بەرهەمهێنانو سیدی بڵاوكردنەوە بەشێكن لە خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی، پێویستە لە خزمەت كۆمەڵگادابن نەك لە خزمەت بەرژەوندی هەندێك كەسدا. فیلمو كاری كۆمیدی پێش ئەوەی جوڵەو دەنگو ڕەنگ بێت، پێش ئەوەی بازرگانیو كاسپیكردن بێت، پێویستە خاوەنی پەیامی كۆمەڵایەتی ئیجابی بێتو، كاربكات بۆ بەهێزكردنی بەها مەدەنیو شارستانیەكان، خۆئەگەر وەك بازرگانیو كاسپیكردنیش بكرێت ئەوا هەموو بازرگانیو كاسپیەك كۆمەڵێك یاساو بنەمای خۆی هەیە كە وادەخوازێت بازرگانیەكە نەبێتە زەرەر بۆ كۆمەڵگا.

كۆمیدی واتە كارێك كە مرۆڤ بخاتە هەستێكی خۆشو بیكاتە پێكەنین، ئایا درۆكردنو قسەی ناوناتۆرەو سوكایەتیكردن بەرەمزێكی ئاسایی ناو كۆمەڵگا دەبێتە بابەتی كۆمیدی؟، ئایا كۆمیدی بە شەڕەشەقو شەڕەبەردو، رەفتارو گوفتاری توندوتیژو شەرانگێزی دەكرێت؟

توندووتیژی كاتێك دێتەدی كە مرۆڤ توانای بەدەستهێنانی ئامانجەكانی خۆیو ئیقناعكردنی بەرامبەری نامێنێت، بۆیە پەنادەباتەبەر هۆكاری نادروست لە فشاری ماددی، جەستەی، نەفسی، بە كردارو گوفتار بە مەبەستی سەرخستنی بەرژەوەندیەكانی خوود با لەسەر حسابی كۆمەڵگاشبێت. شەڕانگێزیش ئارەزوی ئازاردانو دەستدرێژیە بۆ سەر مافی كەسانیتر بە شێوازی جۆراوجۆر، ئەم رەفتارو بەهایانەش، رەفتارو بەهای سەرجادەو كۆڵانو ناوبازاڕن، نەك بەهای ئینسانیو كۆمەڵگای مەدەنیو شارستانیو، ناكرێت ئەم رەفتارو بەهایانە بۆ بابەتی كۆمیدی بەكاربهێنرین.

ئەگەر مامۆستایەك هەڵەیەك بكات چەند قوتابیەك زەرەردەكەن، ئەگەر پزیشكێك هەڵەیەك بكات نەخۆشێك زەرەرمەند دەبێت، بەڵام ئەگەر كەسانێك بەناوی هونەرەوە بەرهەمی هەڵەو نەگەتیف بڵاوبكەنەوە ئەوا كۆمەڵگایەك، نەوەیەك زەرەرمەنددەبن، بەتایبەت منداڵانو نەوجەوانان.

دەرئەنجامی ئەو هونەرو ڕاگەیاندنە شێواوو نامەسۆلانەیە كە ژیانی مرۆڤایەتی پڕبوە لە شەڕو تاوانكاریو، سەربڕین، تەقاندنەوە، فڕاندنی فرۆكەو كەسانی مەدەنی، چونكە دەبنە رێنیشاندەری بینەران بۆ كردنی كاری تاوانكاریو، دەرونو كەسێتی بینەر تێكدەدەنو ئاڕاستەی جوانبینیو چێژوەرگرتنیان دەشێوێنن، تا وایانلێدەكات كە چێژببینن لە سەیركردنی جۆرەكانی توندووتیژیو شەڕانگێزیو دەرچوون لە یاساو ئازاردانو سوكایەتیكردن بە كەسانیتر.

دەگێڕنەوە كابرایەكی خوێنڕێژ هەبووە بە گوولـەی تفەنگەكەی خەڵكی كوشتووەو ووتویەتی بزانم چۆن دەمرێت، بەوەش هەستی بە خۆشیكردوەو چێژی وەرگرتووەو پێكەنیوە، زۆرێك لەو بەرنامەو فیلمە بەناو كۆمیدیانەش هەمان هەستو حەز لای بینەر دروستدەكەن، حەزی شەڕانگێزیو تێكدانو ئاژاوەنانەوە، شەڕەشەقو شەڕەجنێو دوبارەكردنەوەی ناوناتۆرەكان.

هەرچەند مامۆستاو دەزگاو میدیا تایبەتەكانی پەروەردەو پێگەیاندن زۆر ماندوودەبن بۆ دروستكردنی ژینگەیەكی كۆمەڵایەتی تەندروست بۆ منداڵانو نەوجەوانانو دورخستنەوەیان لە ژینگەی ناتەندروستی كۆڵانو

سەرجادە، بۆئەوەی نەوەیەکی رۆشنبیرو ئاشتیخوازو پێبگەیەنن کە دووربن لە لادانو شەڕانگێزی. بەڵام کاتێك منداڵانو نەوجەوانان سەیری ئەوجۆرە بەرهەمە سلبیانەدەکەن، وەك ئەوەوایە کە بچنە ژینگەیەکی ناتەندروستی کۆڵانو بازاڕەکانەوەو. چونکە کاریان تێدەکاتو فێری دنیایەك رەفتارو بەهای سەرکۆڵانیان دەکەن، کە تەنانەت لە کۆڵانەکانیشدا بەوجۆرە فێرنابن.

. لەتوێژینەوەیەکی ئەمەریکیدا دەرکەوتووە کە لەسەدا شەستی ئەو نەوجەوانانەی کە بەتاوان گیراون بیرۆکەی رەفتارە تاوانکاریو دوژمنکارانەکەیان لە تەلەفزیونو فیلمە توندوتێژەکانەوە وەرگرتووەو، ئاماژە بەوەشدەکات کە شەڕوشۆرو ئاژاوەی منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ فیلمە توندوتیژو شەڕانگێزیەکان.(1)

هەروەها لە کوردستانی خۆشماندا لە توێژینەوەکەی دکتۆر (نوری یاسین هەرزانی)دا، کە نمونەی توێژینەوەکەی (300) کەسە لەسەدا حەفتاونۆیان وەڵامیان بە (بەڵێ) داوەتەوە بۆ بەراستدانانی یەکێك لە گریمانەکانی توێژینەوەکە، کە ئەم گریمانەیە: (کاتێك هۆکانی راگەیاندن پڕبێت لە کاری توندوتێژیو تاوان، ئەوا دەبنە هۆیەکی راستەوخۆ بۆ تاوانو لادان)(2).

بڵاوبونەوەی ئەو جۆرە بەرهەمە سلبیو شەرانگێزیانە نیشانەن بۆ لاوازی هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵگاو بەرامبەر بە خودا، کە ئەم دوو هەستە تەواوکەرو هاوشێوەی یەکن. هەستی بەرپرسیارێتیش زۆرگرنگە بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵگا. هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵگا وادەخوازێت کە مرۆڤ هەر ئیشوکارێك بکات، پێویستە بەرژەوەندی کۆمەڵگا لە بەرچاوبگرێت، نابێت بیر لە پێشخستنو دەوڵەمەندکردنی خۆمانبکەینەوە لەسەر حسابی کۆمەڵگا. هەستی بەرپرسیارێتیش بەرامبەر بە خودا لە بواری کۆمەڵایەتیدا وادەخوازێت کە مرۆڤ بەهیچ جۆرێك کارو گوفتاری نائینسانیو شەڕانگێزو زیانبەخش نەکاتو مافی ئەوانیتر پێشێل نەکات. بەڵام بەداخەوە لای ئێمە هیچ هەستێکی بەرپرسیارێتی کاری پێناکرێت.

هەروەها بڵاوبونەوەی ئەو بەرهەمانە نیشانەیە بۆ لاوازی ئاستی زانستیو رۆشنبیری، هەربۆیە پێویستمان بە ووشیاری کۆمەڵایەتی هەیە، تا دایکانو باوکان ئاگاداربن بە زیانەکانی ئەو بەرهەمانەو، نەوەکانیان بپارێزن لەو سیدیو فلیمە سلبیانە، چونکە بوونەتە میدیایەکی سلبی کاریگەر بۆ منداڵانو، بەزۆری منداڵانو نەوجەوانان دەیکڕن، بەڵام بابەتەکانیان لە ئاست دنیای منداڵو نەوجەواندانیە. ئەو ووتەو رەفتارە شەڕانگێزو خراپانە کە تێکەڵکراون بە هەندێ گۆرانیو هەزەلیات دەچێتە مێشكو لاشعوریانو، منداڵو نەوجەوانیش کەمتر توانای هەڵسەنگاندنیان هەیەو زووتر کاریگەردەبنو، بەهۆی لاسایکردنەوەیان بۆ دەوەرو رۆڵی ناو فیلمەکان وایانلێدێت کە نەگونجێن لەگەڵ واقیعدا.

بەرپرسی یەکەمیش لە بڵاوبونەوەی ئەو بەرهەمە سلبیانە وەزارەتو بەرێوبەرێتی رۆشنبیریە، چونکە کاتێك کەسێك بەرهەمێکی شەڕانگێزو ناشارستانیو سلبی بەرهەمدێنێت، ئەگەر رۆشنبیرانی وەزارەتو بەرێوبەرایەتی رۆشنبیری بێدەنگبن لێی، یان رەزامەندی بۆبکەن، ئەوا بێگومان کەسە بەرهەمهێنەکەش بەرهەمەکەی خۆی لێدەبێتە کارێکی زۆرباش، چونکە ئەو دەزگایە رازیو بێدەنگن. هەروەها دەزگا هونەریەکانو کەناڵەکانی ناوخۆش بەرپرسن لە بڵاوبونەوەی بەرهەمی توندوتیژ. هەندێك کەناڵ دیعایە بۆ بەرهەمەکان دەکەن، وادیارە ئەوەی بەلایانەوە گرنگە پارە دەستکەوتنە لە دیعایەدا نەك خزمەتی کۆمەڵگا؟

پوختەی ئەم باسە ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا فیلمو سیدیو کارە هونەریەکان بەپلەیەکی زۆربەرز کاردەکەنە سەر پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (التنشئة الاجتماعية)، چونکە مرۆڤ لە ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیەوە فێری

ووشەو ئاخاوتنو هەموو رەفتارەکان دەبێت. ژینگەی کۆمەڵایـەتی ئێمـەش پـڕن لـە فـیلمو سـیدی، ئەگـەر بەرنامـەو فیلمەکان بەرهـەمی ئیجـابیو پـەروەردەی ئاشـتیو شارسـتانی پەخشـبکەن ئـەوا ئەنـدامانی کۆمـەڵگاش ئـەو بـەهاو پەروەردانە وەردەگرن، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر بەهاو رەفتـاری نامـەدەنیو شـەڕانگێزی پەخشـبکەن ئـەوا کۆمـەڵگا بەئاراستەی تاوانو نائارامی کۆمەڵایەتی ئاراسـتەدەبێت. واتـە لـەم سـەردەمەدا بۆدیـاریکردنی رەگوڕیشـەی هـەموو لادانو نائارامیـەکی کۆمەڵایـەتی پێویسـتە پشـکنین بکـەین بـۆ هۆکـانی راگەیانـدن، سـیدیو فـیلم! هەربۆیـە کـاری هونـەریو فـیلم بەرهـەمهێنانو سـیدی بڵاوکردنـەوە کـارێکی زۆر ووردو حەساسـە، ئەوانـەی لـەو بـوارەدا کاردەکـەن پێویستە ئاستی بەرپرسیارێتیو ئاستی رۆشنبرو زانستیان زۆر بەرزبکەنەوە.

<u>پەراوێزی سەرچاوە:</u>

(1) نامەی ماستەر (دور التلفزيون في قيم الاسرة، وعد ابراهيم خليل الامير، الموصل، 1999 ، لاپـەڕە: 25).

(2) الاعلام والجريمة ، د: نوري ياسين هرزاني، مطبعة: جامعة صلاح الدين، اربيل، 2005، لاپـەرە: 242.

لە رۆژنانمەی هاوڵاتی ژمارە (230) بەرواری (29-6-2005) لاپەڕە(6) بڵاوکرایەوە